# وەفدێکی وەزارەتی دەرەوەی دانیمارك
# سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ-یان کرد٠



لەرۆژی ٢٠٠٧/٦/٤ د٠شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت چاوی بەوەفدێکی وەزارەتی دەرەوەی دانمارکی کەوت کە پێکهاتبوو لە خاتوو (ئانا بیرگیتا)
سەرۆکی بەشی مرۆڤایەتی و رێکخراوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی دانیمارکی و (هینری جیرس) راوێژکار لەوەزارەتی دەرەوەو چەند کەسایەتیەکی دیکە٠
لەپێشدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو هەنگاوانە کرد کە لەماوەی دەست بەکاربوونی لەکارەکەیدا بۆ رەوشی مافی مرۆڤ و بەرەو پێشەوە بردنی و ئەو بەرنامەرێژییەی لە بوارەکانی ژنان و مندالأن و سکالأی هاولأتیان و رەوشی بەندیخانەکان کراوە بۆ ئەوەی هەولەکان هەمیشە لەکاری عەمەلی بێت تا ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان کە ئەمرۆ لەمەلاو لەولادا دەکرێ٠٠٠

لەبەرامبەردا خاتوو (ئانا بیرگیتا)رایگەیاند کە حکومەتی دانیمارك ئامادەیە لە هەموو بوارەکاندا هاوکاری بکات و پسپۆڕایەتی خۆیان بەتایبەت لەبواری توندوتیژی دژی ژنان کە جاران ئەم دیاردەیە لەلادێ-وە دەستی پێکرد،بەڵام ئێستا لەناو شار زیاتر بەدیدەکرێ٠٠٠
دوپاتی ئەوەشی کردەوە کە پێویستە هاوکارییەکی تەواو لە نێوان هەردوولا هەبێت بۆ ئەوەی بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بین٠
لەم دیدارەدا هەردوو بەڕێوەبەری گشتی دیوان و کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەبوون٠

